# بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخۆشخانەی سلێمانی ئەمە ڕاستە؟

شەوی ٤ شەممەی ٢٠٠٧/٥/٣٠ بەرنامەی ژنانی کەناڵی ئاسمانی کۆمەڵە TV چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ نوێنەری ڕێکخراوی ئازادی ژن لەعێراق هۆزان مەحمود ئەنجامدا.

تەوەری سەرەکی بەرنامەکە تایبەت بوو بەو توندوتیژیانەی ڕوبەڕووی ژنان لەعێراق بەگشتی دەبێتەوە. ڕاوبۆچونەکانی هۆزان سەبارەت بەو توندوتیژیانەی بەرامبەر ژنان لەکوردستان ئەنجام دەدرێت، لەهەمان تەوەری ڕاوبۆچونەکانی نوێنەری ڕێکخراوەکان وکەسایەتیەکانی کوردستان دەسورایەوە، کە زۆربە هاوڕاین لەوخاڵەداکە توندوتیژی بەرێژەیەکی بەرچاو لەکوردستاندا لەزیادبوندایە، بەڵام ئەوەی کە هەڵوەستەی پێکردین لەئاست گفتوگۆیی ئەم خانمەدا، ئەو ئامارە بوو کە ئاماژەی پێداو کە وتی "بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی لەساڵی ١٩٩٧- ٢٠٠٧ ڕێژەی خۆسوتاندنی ژنان ٣٥٠٠ ژن بووە. ئەم ڕێژەیە نوێ بوو بۆمان، هەربۆیە بۆ وەرگرتنی وەڵامی ڕاست سەبارەت بەدروستی ئەم ئامارە بەپێویستی دەزانین ڕووی قسەکانمان ئاڕاستەی نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی بکەین و بڵێین، گەر ئامارێکی واتان هەیە بۆ دەبێت بۆ ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئاشکرا نەکەن، گەر ئامارەکەش بەدروستی نەخراوەتە ڕوو، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی ئامارو لێکۆڵینەوە نەدەکرا خستنە ڕوویی ئەم ڕێژەیە لەخۆسوتاندنی ژنان هەروا تێپەڕێت، لەو ڕووەوەی کە ئامار یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی یاریدەدەرە بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵ و دەستنیشان کردنی گرفتەکان، بەبڕوای ئێمە شاردنەوەی ئامارەکان وەك خۆی کە هەیەو زیادکردنیشی لەو ڕێژەیەی کە هەیە بەهەردوو باردا غەدرێکە لەئایندەی میللەت دەکرێت. چونکە ئامارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان ئاوێنەی خستنەڕووی وەزعییەت و دۆزی ژنن لە کوردستاندا. نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی گەر ئەم ئامارەی هەیەو شاردویەتییەوە، غەدرە. گەر بەو ڕێژەیەش نییەو زیادکراوە ئەوەش غەدرێکی ترە.

گرنگە دەرکی ئەوەمان هەبێت کە هەریەکێکمان ئەمڕۆ لەهەر بوارێکدا کاردەکەین بەرپرسیاریەکمان لەئەستۆیە دەبێت لەئاستیدا بین.

**ڕێوان**

### بەناوی خوای گەورە

## بۆ بەڕێز/ سەندیکای ئارایشتگاکانی کوردستان ـ هەفتەنامەی ڕێوان

## بابەت/ ڕونکردنەوە

دوای ئەوەی لەژمارە (١٤٦)ی ڕێواندا لەلاپەڕە (٢)دا بابەتێك بەناوی (نامەیەکی کراوە بۆ سەرجەم ئارایشتگاکان ـ سەندیکای ئارایشتگاکان ـ بەرنامەی ئاریشە لەدەنگی کۆمەڵ) کە نوسەری بابەتەکە بەئاشکرا دیار نیەو تەنها نوسراوە (باوکێك) بڵاوکرایەوەو تەنانەت ناوی بەرنامەکەش بەهەڵە نوسرابوو، دواتر و لەژمارە (١٤٨)ی هەفتەنامەی ناوبراودا لەلاپەڕە (١)دا هەواڵێك بەناونیشانی (لەسلێمانی ئارایشتگاکان ئیمزا کۆدەکەنەوە) بڵاوکرایەوە، لەسەر بەرنامەی (شارۆ) لەدەنگی کۆمەڵ/ ڕادیۆی سلێمانی، بۆیە بەپێویستمان زانی ئەم ڕونکردنەوەیە بدەین.

بەڕێزان.. دیارە هەڵە تێگەیشتنێك لەو (٤) چیرۆکەی کە لەیەکێك لەئەڵقەکانی بەرنامەی (شارۆ)دا خوێنراوەتەوە بەناوی (لەئارایشتگاکان چی دەگوزەرێت) هەیە، لێرەوە ڕای دەگەیەنین کە ئەو چیرۆکانە سەرجەمیان (وەرگێڕدراون) و لەکتێبی (ضحایا الحب) واتە (قوربانیەکانی خۆشەویستی) کە لەلایەن (یوسف الحاج احمد)ەوە نوسراوەو لەلایەن لیژنەیەکەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیو (فاتیح سەنگاوی) پێداچوونەوەی بۆ کردووەو لەساڵی (٢٠٠٦)دا ژمارەی سپاردنی (٨٩٧) ی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێدراوەو تەنانەت دوو جاریش چاپکراوەتەوە وەرگێراون، واتە (چیرۆکەکان) لەدەرەوە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە. بۆیە لێرەوە داوای لێبوردن دەکەین لەخاوەنی ئارایشتگاکانو ئەو کەسانەی کە سەردانی ئارایشتگاکان دەکەن، بەوەی کەوا تێگەیشتبێتن ئەو چیرۆکانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان لەئارایشتگاکانی لای خۆمان ڕوویاندابێت، هەروەها دەڵێین "ڕووداوەکانی ناو ئەو چیرۆکانە لەڕەوشتی کاری ئارایشتگاکانی لای خۆمانەوە دوورن" گەر شتێکی لەو بابەتەش لەئارایشتگاکانی هەرێمی کوردستاندا ڕوبدات، ئەوە نەك هەر بەخوێندنەوەی چیرۆکەکەی، بەڵکو بەهەواڵو ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی ناوی ئارایشتگاکەو ڕووداوەکەش لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خۆمانەوە ڕووماڵ دەکەین.

دوبارە داوای لێبوردن دەکەین گەر هەستی کەسانێکمان بریندار کردبێت.

**پەیام مەحمود**

پێشکەشکاری بەرنامەی شارۆ لەدەنگی کۆمەڵ/ ڕادیۆی سلێمانی

# هاوارێک لەناخە بێدەنگەکانی ئافرەتانەوە

**دێبەر کەمال فەرەج**

ئێمەی ئافرەت لەسەرەتای هاتنە ناو ژیانەوەو لەسەرەتای بونمان بەبەشێك لەم دنیا تاڵو قورسەداو لەسەرەتای چاوکردنەوەماندا لەناو غەدرو نایەکسانی یەکاندا، لەناو گێژاوی دەریایەکی بێڕەحمو بێ بەزەییو پێکهاتوو لەدرۆو ناڕاستیدا پێچ دەخۆین، (دەریای پیاو) ئەو دەریایەی کە هەرچەندە مەلەوان بینو هەرچەندە هەوڵی ڕزگاربونو ئازادبوون بدەین لێی، شەپۆلەکانی وەك دەستێکی ڕەشی کینو ڕق لەگەرومان توندەبێتو تاقە هەناسەی ڕەوای گەرومان لێ دەستێنێو پێمانی ڕەوا نابینێ، ئەو دەریایەکە هەمیشە چاوەڕوانی بەوەفایی ماسییەکانێتی بێ ئەوەی خۆی هیچ وەفادارییەکی هەبێ بۆیان، وە هەر کاتێکیش لێیان بێزار بوو دەیان داتە دەست ڕاوچییەکانی قەدەرو لەتۆڕی بێ ویژدانیدا توندیان دەکات، کە ئەوانیش واتە ڕاوچییەکان لەدەریاکە بێ دڵترن، ڕاوچیەکانی قەدەریش (کۆمەڵگەیە) کە تاکە نێچیری ئافرەتە.

ئافرەت، پێناسەی ئافرەت لەلای کۆمەڵگەو پیاوانی ئێمە واتا بێ دەسەڵاتیو نەگبەتیو ژێردەستیو بێ دەنگی لەهەموو غەدرەکانی پیاو، وە ملکەچی بۆ ئیمپراتۆریەتی پیاو کە تاکە خزمەتکاریو تاکە پاسەوانیشی ئافرەتە کە زۆر باری قورسی ئەم ژیانەی لەگەڵ هەڵگرتووە، بەبێ ئەوەی بەرامبەر هەستی پێ بکاتو دەستی یارمەتی بۆ درێژبکاتو بیر لەهەستو سۆزی بکاتەوەو بەچاوی ڕێزەوە بۆی بڕوانێ، ڕەنگە زۆر لەپیاوان بڵێن، ئافرەت چی ئەکات، هەر چێشت لێنانو جل شۆرینەکە نی یە، خۆ هەموو کارە قورسەکان ئێمە ئەیکەین، بەڵام نەخێر تەنها ئەوە نی یە، گەر دەتانەوێ لەئافرەت تێ بگەن، وەرن سەیرێکی ناخیان بکەن، وەرن سەیرێکی خەمەکانیان بکەن، کە بەهێزترینی ئێوە بەرگەی ناگرێ، بەڵام ئێوە هەمیشە دڵڕەقیەکەتان لەهەموو شتێك ڕزگاری کردوون، خۆزگە ئێمەش نیوەی ئێوە بگرە چارەکێکی ئێوە، دڵڕەقیمان هەبوایەو ئەوەندە سۆزدار نەبوینایە بەرامبەرتانو چاومان لەزوڵمو هەڵەکانتان نەپۆشیبایە، بەڵام هەر ئێمە گرەو دەبەینەوە، چونکە ئێمە بەشێکین لەجوانیو میهرەبانی خواوەندەکان، بەبەسۆزیمان ئارەقی شەرمەزاری لەنێوچەوانتاندا دێنینە خوارێ، چاکیش بزانن هەر دەگەڕێینەوە بۆ باوەشی ئافرەت، بۆ نمونە، لەهەر لێقەومانێکداو لەکاتی هەر شکانو کزبونێکتاندا هەر ئافرەت نی یەو هەر خێزانەکانتان نی یە خەمەکانتان لەگەڵدا هەڵدەگرێو وەك منداڵێك دەتانلاوێنێتەوە، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ بەهێزبوونەوەی ئەو منداڵە (ئەو پیاوە) هەمان زوڵمو نایەکسانیەکانی جارانی دەستپێدەکاتەوە.

ئێمەی ئافرەت وەك خاك واینو کە جارجارە ئیمپراتۆرییەتی ئاسمان (پیاو) کەی ئارەزووی کرد هەندێك لەنمەکانی خۆشەویستی دەبارێنی بەسەریداو نمەکانیش بەمەکرو نازەوە بەسەر جەستەی شەکەتو ماندوی خاکدا دێنە خوارەوەو خاکیش بەباوەشکراوەییو ساویلکەییەوە تارای کچێنی لەبەرداده‌کەنێو پێشکەشی ئاسمانی دەکات، بەڵام نازانێ کە هەمان ئاسمانی چنراو بەخۆشەویستی زۆرجار هەورە تریشقەی ڕقوکینەی لەسنگی خاك توند دەکاتو وەك شمشێری غەزەب جەستەی خاك دەهەژێنێو زۆرجاریش هەمان ئاسمان بێدەنگ دەبێو دوور دەوەستێو بەچاوی گاڵتەجارییەوە لەخاك دەڕوانێ، کە چۆن بەتەنهاو بێهاوکاری بەری خۆشەویستیەکەی بۆ ئاسمان دەدورێتەوەو چۆن خاك (ئافرەت) بەشەکەتیەوە بارە قورسەکان لەکۆڵ دەگرێ بۆ پێگەیاندنو پەروەردەکردنی نەمامەکانی، ئەو نەمامانەی کە وەك یادگارییەکی وەختی بێ ئاگابوون لەخۆشەویستەکەی (ئاسمان) بۆی بەجێماوە، کاتێکیش ئاسمان هیلاك دەبێو توانای هەڵگرتنی کلوە بەفرەکانی خەمی نامێنێ، زۆر بەئاسانی دەگەڕێتەوە بۆ ئامێزی خاكو ئەمجارە بەنەرمی کلوە بەفرەکانی بەسەردا دەبارێنێو خاکیش وەك هەموو کاتێ بەلەخۆبردووییەوە باوەشی بۆ دەگرێتەوە، لەوەش زیاتر خەمەکانی ئاسمانیش بەسەر ناخی خۆیدا دەتوێنێتەوە تاوەکو دیمەنەکانی نەبێتە هۆی دڵتەنگکردنی ئاسمان، کاتێکیش ئاسمان بەهێزدەبێتەوە دەکەوێتە توندوتیژییەکانی جارانی، ڕەنگە زۆربەی پیاوان بڵێن ئێمە شایان بەم وەسفانە نین کە تۆ دەیکەیتو توندوتیژی بەرامبەر بەپیاوان، ڕەنگە بڵێن گەر پیاو نەبێت ئافرەت چی پێدەکرێت! منیش دەڵێم بەڵێ وایە، بەڵام تەنها لەکۆمەڵگەی ئێمەدا وایە، ئەوەی یاخی ببێتو بیەوێ دەستورە بنیادنراوەکەی دەستی ئێوە هەڵبوەشێنێتەوە، بێگومان هەمووتان دەکەونە دژایەتی کردنو بوختان دروستکردن بۆی، گەر وانیە بۆچی زۆرکات ئافرەتی بەشکۆ لەکەدار دەکەن، لەبەر ئەوەی توانیویەتی شتێك بکات کە لەوانەیە لەسەرو تواناکانی ئێوەدا بێت، یان بۆچی زۆربەی شتەکان بۆ ئێوە حەڵاڵەو لەئێمە حەرامە، بۆ نمونە خۆشەویستی بۆ ئێوە بەئاشکرا ئاساییەو کاتێکیش ئاشکرا دەبێت، هەموو پەنجەی تاوانباری بۆ ئافرەتەکە درێژدەکەنو گەر هەرچیەکیش بڵێت، دەڵێن ئەو پیاوە. زۆر ئافرەتی ئێمە تا لەماڵە باوانە بەدەست باوکو براوە دەناڵێنن، پاش ئەوەی کە دەچنە ناو قەفەزی بەخەم چنراوی هاوسەرێتیەوە لەوێوە دەوری پاڵەوانێتیو خەمەکانی هاوسەرەکەی دەستپێدەکات، ئەو خەمانەی کە زۆر ناخۆشترن لەهی باوکو برا، هەندێك لەپیاوانی ئێمە بەکڕینی چەند مسقاڵ ئاڵتونێکو خەرج کردنی بڕێ پارە بۆ ئاهەنگگێڕان، وا دەزانن دەتوانن ئافرەت بکڕن، وا دەزانن ئافرەت بونەوەرێکە کە تەنها بۆ خزمەتکاری ئەوانو بەجێهێنانی فەرمانەکانیان دروست بووە. بەڵام وانیەو گرفتەکە ئەوەیە کە ئێمە بێ دەنگینو بەو پلە نزومە ڕازین، هەوڵ نادەین خۆمان ڕۆشنبیرتر بکەین، بەردەوامین لەسەر دوبارەکردنەوەی هەڵەکانی کەلتورو دەستوری سستمی پیاومەزنی.




تێبینی/

دەریاو ئاسمانو زەوی پانتایی جوگرافین وەکو مەجاز بۆ گوزارشت کردن لەئەوی ژنو پیاو بەکارمهێناون.